# پاشکۆی ٣

لە دیندار زیباریەوە

بەرواری ناردن: ٢٠ی مایزی ٢٠٢٠

بۆ بەلْقیس وویلْی

بابەت: وەڵام بۆ داواکاری زانیاری سەبارەت بە ڕاپۆرتە نوێیەکەتان لەسەر ئازادی ڕادەربڕین

بەڕێز بەلْقیس خانم

هیوادارم باش و سەلامەت بیت

کاری ڕۆژنامەوانی لە کوردستان بە یاسا ڕێکخراوە. وەک لە یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧دا هاتووە کە لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەوانانی کوردستان پشتگیری لێکراوە دەکرێ ڕۆژنامەوان بەپێی بڕیاری دادگا دەستگیر بکرێت. لە حاڵەتی بڵاوکردنەوەو هاندانی توندوتیژی و خراپە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ پەیرەو دەکرێت.

ڕەنگە بزانی بەم دوواییانە ئەر ڕێوشوێنانەی بەهۆی ڤایرۆسی کرۆناوە گیرابوەبەر بۆ بەرپرسانی دادوەری هەڵگیراوە. فەرماندەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ژێر دەسەڵاتی بەشی دادوەری وورده وورده دەکرێنەوە لەداوی ڕێگریکردنێکی سەرکەوتوانە لە تەشەنەکردنی ڤایرۆسەکە لە هەرێمی کوردستان. لە ڕاستیدا، هێشتا زۆرێکیان نەگەڕاونەتەوە سەر کار. جۆری پرسیارەکانت پێویستی بە داتایەکی دەقیق و زۆر هەیە کە لەلایەن شارەزای یاساییەوە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت لە پرۆسەی دادوەریدا کە کاتێکی زۆری دەوێ. سەرەڕای ئەمە، بە ڕاوێژکردن لەگەڵ بەرپرسانی دادوەری و بە هاریکاری لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، تەمەشای ئەو وەڵامانەی لای خوارەوە بکە بۆ پرسیارەکانت. زانیاری نوێت دەدەینێ سەبارەت بەو کەیسانە لەدوای یەکلایکردنەوەیان لە دادگادا.

بەپێی زانیاریەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، سێ ڕۆژنامەنووس ڕێکاری یاساییان لە دژ گیراوەتەبەر بەپێی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی لە ساڵی ٢٠١٩. ئەوانیش بریتین لە ئازاد عوسمان محەمەد بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگ کە بە فەرمانی دادگای گەرمیان دەستگیر کرا بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک. پاش چەند کاتژمێرێک لە دەستگیرکردن، بە کەفالەت ئازاد کرا. پاش هەفتەیەک لە دادگایکردن بە تۆمەتی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی. سزای زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنرا بەڵام پاش ماوەیەک ئازاد کرا. ئەحمەد مستەفا، پەیامنێری (ئێن. ئار. تی) بەهۆی ئەنجامدانی ڕاپۆرتێکەوە سەبارەت بە مردنی کەسێک لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەولێر گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەدژی لەلایەن سەندیکای پزیشکان. دەستگیرکراو بەپێی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی سزادرا. پاشان بە کەفالەت ئازاد کرا. پاشان محەمەد ڕەئوف و فازل حەمە ڕەفعەت و نامیق ڕەسول و نیاز عەبدوڵاو هێمن مامەندو ڕزگار کۆچە لە درەو میدیا لە پاش بڵاکردنەوەی ڕاپۆرتێک لە درەو میدیا لەبارەی کوشتنی دیپلۆماتکارێکی تورکی لە هەولێر. لە دادگایەکی هەولێر داوای لە دژ تۆمارکرا. هەمویان بە پێی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی دەستگیرکران، بەڵام بە کەفالەت ئازادکران.

لە ١٥ کانوونی دووەمی ٢٠٢٠، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان قوباد تاڵەبانی سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی کرد بە ئامادەبوونی حەمەی حەمە سەعی وەزیری ڕۆشنبیری و نێوێنەرانی دادوەری و وەزیری دادو سەندیکار ڕۆژنامەنوسان و سەنتەری میترۆو دکتۆر سامان فەوزی و مەجید ساڵح ڕاوێژکاری پەرلەمان و ئازاد عوسمان بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگ. ئەمە کۆبونەوەیەکی گرنگ بوو نیشانی دا چەند هەموو لایەک بە پرۆشی یاساوەن بەتایبەت سەرۆک وەزیران کە دوپاتی کردۆتەوە دەبێت کەیسی ڕۆژنامەنوسان بە جیا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و زیندان شوێنی ڕۆژنامەنوسان نیە.

ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە ڕێزگرتن لە مافی ڕۆژنامەنوسان. داتاکان ئە ئاراستەیە نیشان دەدەن. لە ڕاپۆرتی ئەم دواییەی سەندیکای ڕاۆژنامەنوساندا هەمان شت جەختی لەسەر کراوەتەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیری لە پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەنوسی دەکات و بە بنچینەی دیموکراسی دایدەنێ.

وەک پێشتر باسمان کرد، پرۆسەی جیاکردنەوەی کەیسەکان بەپێی یاسا پێویستی بە ڕەزامەندی یاسایی هەیەلە نێوان دەدوەران و لەگەڵ پرۆسەیەکی زۆر بۆ کەیسەکان لەسەر ئاستی پارێزگاو شارەوانیەکان. لەم بارەیەوە داوامان ناردووە بۆ بەرپرسانی دادوەری پەیوەندیدار. هەرکە وەڵامەکانمان پێگەیشت بەرێزتان ئاگادار دەکەینەوە تا لە ڕاپۆرتەکانی داهاتوودا بەکاری بهێنن.

ژمارەی کەیسەکانی ناو دادگاکانی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ لە پاشکۆی ئەم نامەیەدا هاتووە.

لەگەڵ ڕێزدا

دیندار زێباری

ڕێکخەری هکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی